


# دیواری ئازاد بۆ هاوڵاتی ئازاد

ئازادی، پێش هەموو شتێك، ئەرکێکی قورسە و پەیڕەوکردنی، پێویستی بە ئاستێکی هوشیاری باڵا هەیە. دابینکردنی مافی ئازادی بیروڕادەربڕینی هاوڵاتیان، یەکێکە لە داخوازییەکانی راپەڕینە جەماوەرییەکەی 1991ە و دامەزراندنی دیواری ئازادی، تەنها لەپێناو خزمەتکردن و بەهێزکردنی ئەو داخوازییەیە.

هاوڵاتی بەڕێز:

کۆمەڵگاکەمان پێویستی بە بیروڕا، بۆچوون، تێبینی، داخوازی و رەخنەکانی تۆ هەیە، بۆیە لەپێناو گەشەپێدان و چاکسازی بارودۆخەکەمان، دیواری ئازادی بۆ تۆی بەڕێز دامەزراوەو دەتوانی ئازادانە بیروبۆچوونەکانت لەسەری بنووسی یان هەڵواسی.

لە 14.3.2006 دیواری ئازادی لە خانەقین- سەرکەوتنانە دامەزرا، بەڵام ئەم شوێنە لە سەنتەری شارەوە دوورە. ئومیدەوارم رۆژێك لەسەنتەری شاردا شوێنی خۆی بگرێت!